# نووکەیەك بۆ سەندیکای رۆژنامە نووسان

## سالار بابەشێخ

لە ولآتانی پێشکەوتووی دنیادا شتێك هەیە واتای دەسەلآتی چوارەم ببەخشێ و ئەم دەسەلآتەش بەگژ هەموو چەوتی و چەوێڵی و گەندەڵییەکدا دەچێ و کەسیش چەقۆ لە هەسان ناسوێ بۆ گەردەنی، بەلآم لە ولآتی ئێمەدا، دیوار لە دیواری ئەم دەسەلآتە نزمتر نییە، سوار و پیادەی شەترەنجی دەسەلآت پێیدا سەردەکەون، فەریکە بەرپرسێك هەڕەشەی کوشتن لە کەسێك دەکات کە ناتوانێ بەرامبەر بە ناعەدالەتی بێدەنگ بێت، سەروگوێلاکی مرۆڤێك دەشکێنن کە جانتا لە شان و ریکۆردەر بە دەست، سەر بە دەرگەی گەدا و پاشادا دەکات، هەتا نهێنییەکانی چاوچنۆکان بدرکێنێ، دوژمنانی ولآتەکەی ریسوا بکات، بەرپرسانی دز و جەردە لە قاو بدات، هاواری خەڵکی مەغدوور و ستەم لێکراو بەرزتر هەڵبڕێ و...هتد.

پەیامنێری مرۆڤدۆست، بە پێی ئەخلاقی پیشەیی خۆی، لە هیچ تیخێکی ژاراوی سڵ ناکاتەوە، هیچ هەڕەشەیەك ناپپسێنێ، دوێنێ فرمێسکی دایکێکی بێ رۆڵەماوی بینیوە کە هەموو کەسوکاری ئەنفال کراوە، چۆن دەتوانێ گوێی خۆی لەو هەموو ئاخ و داخە کپ و کەڕ بکات؟ چۆن دەتوانێ چاوی بەرامبەر بە رەهێڵەی فرمێسکەکانی، کوێر بکات کە تا ئێستاش هیچی بۆ نەکراوە، بەلآم گۆرانییەکی "بەندان" بە ملیۆن دینار و بەدەفتەر دۆلار خەلآت وەردەگرێ، کەسیش ناتوانێ حاشای لێبکا، چونکە لە وەزارەتێکدا مرۆڤێکی بوێر و شیرپاك هەر هەڵدەکەوێ کە سەرپۆش نەخاتە سەر راستییەکان و ئەمڕۆ نا سبەی لیستەکەی بلآو بکاتەوە.

هەر لەم ماوەیەدا هەواڵی گرتنی دوو رۆژنامەنووس بەس نەبوو، هەڕەشە کردنی خەڵکی نەناسراویشی هاتە سەر، کار گەیشتۆتە تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلە بە قیست کڕاوەکانیشیان، لە هەمووی سەرنج راکێشتر وەلآمی سەندیکای رۆژنامەنووسانە بە خاوەنی ئۆتۆمبێلێکی قار پێ خاڵی کراو، کە ئەندامێکی کارای سەندیکاکەیە. دوای ئەوەی رزگار کۆچەر سکالآی خۆی دەباتە بەردەم سەندیکاکەی، پێی دەڵێن: گیانی کاکەی ئەوڕۆ پشووە بڕۆ "شەممە بە نووسراوی فەرمی ئاگادارمان بکەوە"، یەك دووجاریش نووسەری ئەم دێڕانە دەستبەسەر کرا، کامێرەی شکێندرا و کراسی لەبەر داماڵدرا، سەندیکاش تەنیا یەکجار بە هاواریەوە هات، خۆ ئەگەر سەندیکایەك نەتوانێت لەسەر مافی رەوای ئەندامێکی وەدەنگ بێت و داوای گەڕانەوەی حەق بۆ حەقدار بکات دەبێ فاتیحەی بخوێنین.

لەسەر سەندیکای رۆژنامەنووسان زۆر شت نووسراوە و زۆر شت گوتراوە، ئیتر یەکەمان نەماوە و ئەمەش دوا نووکەیە، بەشکەم بە ئەرکی خۆیان هەستن و کاری پێسپێردراویان بەرز بنرخێنن و جارێکیش بۆ خاتری پاکیزەیی کاری رۆژنامەوانی، داکۆکییەك لە مافەکانی رۆژنامەنووسان بکەن.